**مەهاباد قەرەداغی**

## واو!

## پردی پەیوەندیە !

## واو

له نێوان ڕەش و سپیدا واوێک هەیە
ئەوگردی پردە نەبوایە ، تۆفانی خۆڵەمێش دنیای دادەپۆشی
هەموو جوانییەکان ون دەبوون!

و او
چەند سنوورێکی پێویستە
له نێوانی ڕەش و سپی
چەند پردێکی میهرەبانە ، واوێکی وا!

له نێوانی ئەفسانە و ڕاستیشدا واوێک
تەنها واوێک پاسەوانە !
ئەو نەبێ بە سێلاوی ئەفسانە ، دێبەری حەقیقەت غەرق دەبێ!
چەند پێویستە واوێکی وا، چ بەربەستێکە بۆ فەنانەبوونی بوون!
سوپاس بۆ واوێکی ئاوا کە ناهێڵێ خۆری یەقین ئاوا بێ!

له نێوانی هەست و نەستدا، واو نەبوایە ، وێران دەبووین!
تێکەڵاوبوونی ئەم دووانە شێت و وێتی بەدواوەیە ،
تار و مارمان دەکا!
واوێکی وا، وێستگەیەکە بۆ ئارامیی!
واوێکی وا،وەک گوڵجاریی نێوان دوو شاخی زۆر سەختە !
واوێکی وا،له لێڕەواری دەرووندا، وەکو پێدەشتێکی تەختە !



له نێوانی تۆو من دا، باشه واو هه‌یه!

ده‌نا ده‌بووین به یه‌کتری!

خۆت له ناو مندا ون ده‌کرد، خۆمم له تۆدا ده‌سووتان!

واو، چه‌ند باشه!

واو نه‌بوایه، به شوێن تۆی بزربوو له کێشوه‌ری

خۆمدابزرده‌بووم!

بۆ کوژانه‌وه‌ی ئاگری سووتانم له جه‌سته‌ی خۆتدا،

ڕه‌نگبێ بۆخۆشت سووتابای!

چه‌ند باشه ئێمه دوو دانه‌ین، نیر و مێی جووتێ په‌پووله!

به ده‌وری شه‌می ژیاندا سه‌ما ده‌که‌ین!

گه‌ر ون ببین، گه‌ر بسووتێین.. هه‌ر پێکه‌وه‌ین!

واو پردێکی په‌یوه‌ندییه!

نێوانمانی کردۆته گوڵجاری تاسه و مێرگی سه‌وزی

ئاره‌زووی جوان

واو پردی ئه‌ڤینه، ئه‌ڤینێکی نیان

من له‌م به‌ریه‌وه، تۆ له‌و به‌ریه‌وه

به‌م ڕۆژگاره بێ پشوو، گۆرانی ده‌چڕین!

له ژێر ئه‌م پرده‌دا، ڕووباری ئاوی ژین خوڕه‌ی دێ!

شه‌وانیش ئه‌ستێره‌ی باڵدارین، به‌سه‌ریا هه‌ڵده‌فڕین!

2003-2000

فالشۆپینگ-ستۆکهۆلم